# پێویستی گۆڕان و ئەگەری پاشەکشێکردن

## خوێندنەوەیەکە بۆ بارودۆخی یەکێتیی لەم قۆناغەدا

دڵزار حەسەن :

### بەشی سێهەم

## تەکەتول یان بێ ماناکردنی چەمکەکان

چەمکی تەکەتول وەك بەهایەکی سیاسیی دونیای مۆدێرنە سەرەتا هەنگا و هەڵێنانە بۆ قورغکردنی تەواوی ئەو فانتازیایانەی کە حزب بە دەستی دەهێنێت ، لە دواییدا دەبێتە ئەو کارەکتەرەی بێ گوێدانە بەهاکانی دیکەی نێو کۆمەڵگا کۆی دەستکەوتە گشتیەکان دەخاتە نێو چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیەوە . هەر ئاراستەیەکیش تەکەتول بیکێشێت ئیدی خۆی لە سەرەتا و کۆتایدا لێیەوە سوودمەند دەبێت ، ئینجا هەموو ئەو سەر ئێشانەش کە تەکەتول لە دوای خۆیدا جێیدەهێڵێت حزب خاوەنداریەتی دەکات و دواجار بە ملی ئەندامانیەوە دەنووسێت . بۆیە تەکەتول یان کوتلە و کوتلەکاری لە هەر حزب و پارت و شێوە و شێوازێك دابێت هەر تەکەتولە و بە نەخۆشیەکی کوشندەش بۆ دونیای حزب و کۆمەڵگاش دادەندرێت ، کەسی کوتلە باز و کسی تەڕاتێن لە نێو کوتلە و کوتلەکاریدا ئەو مرۆڤە هەڵپەرست و بەرژەوەندخواز و مشەخۆرەیە کە نەك حزبەکەی بەرە و هەڵدێر و لە ناو چوون دەبات ، بەڵکو کۆمەڵگاش بە شێوەیەك لە شێوەکان لە بەر بوونی ئەو کوتلە و کوتلەکاریەوە توشی داڕمان و لە ناو چوون و بەرتەوازەیی دەبن . لێرەوەیە ترسی تەکەتول وەك مەترسیەکی هەستپێکرا و لە نێو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا بەدەردەکەویت و ئێمە مانانیش مافی خۆمانە مەترسی خۆمان لە بەرامبەر ڕەوشی کوتلە و کوتلە بازی لە حاڵی حازردا رابگەیەنین ، جێگای خۆیەتی ئەو تەکەتولایەتیەی ئێستا لە ناو یە کێتیدا بە زەقی دیارە و هەر رۆژە و لە بەرگ و رەنگێکەوە بە دەر دەکەوێت ، بە خاڵی هەرە جەوهەری ئەو مەترسیانە سەیربکەین و بیخوێنینەوە کە بوونی ئەو شێوە تەکەتولە گەورەترین زەنگی پەرتەوازە بوونی یەکێتییە لەو قۆناغەدا . دیارە ترس و دڵەڕا و کێش لە هەمبەر هەر رەوشێکی نا ئاساییدا بۆ ئێستای یەکێتیی دووبارە بە ئاگا هێنانەوەی خودی ئەوە لە نێو پانتایی ئەو مەترسیانەدا کە یەکێتیش خەریکە لە هەناوی خۆیدا بەرهەمی دەهێنێت و گەشەیان پێبکات . گەر یەکێتیش پێی وایە بوونی تەکەتول دواجار هیچ کێشە و گرفتێك بۆ سەرکردایەتی یەکێتیی و گوتاری سیاسیانەی ئەو دروست نەکات ، ئەوە خەیاڵێکی بۆشە و خەونێکی تاڵە بۆ کەسانێك کە بە چاوی خۆیان ئەو سیستی و داروخان و پاشەکشێیانەی یەکێتیی لە ئەرزی واقیعدا ببینین و ئەمیش بە دڵێکی پڕ ئومێدەوە بە بەژن و باڵای حزبەدا هەڵبڕێت کە هێشتا لە ئایندەی دڵنیانین . کاتێکیش ئەو ختوورە و ئەو هێمایانەی ناو یەکێتیی رۆژ بە رۆژ بە زەقی دەردەکەون و ئاماژەکانیان مەترسی گەورە گەورەمان پێش چاودەخات، لەولاوەش ئەندامانێك هەن نەك هەر ئەو مەترسیانە بەهەند هەڵناگرن ، بە پێچەوانەوە دێت لە سەر جەستەی ئە کوتلە و کوتلەکاریە مەنسەبو پارە و سامانی بێ ئەژمار بۆ خۆیان دەسازێنن. رەنگە ئەم کادیرە یان ئەو دۆستە ئازیزەی یەکێتیی !! ناهەقی نەبێت لەنێو بازاڕی ئەو تەکەتولاتەوە بەو شێوەیە دەژیت ، چونکە ئەو چاك بۆی روونبۆتەوە کە نەچێتە نێو باوەشی یەکێك لەو کوتلانەوە ئیدی ژیانی سیاسیی و گیرفانی


www.dengekan.com
3/25/2006

تاسەر مسۆگەر نابێت . هەڵبەتە ئەو جۆرە خەیاڵ پلاّویەی کادیرانیش ئەو کاتە رەواجی بەشێوەیەکی بەرفراوان پەیداکرد کە سەرانی کوتلەکان ئەو بازرگانیکردنانەی ئەوانیان پشتگوێ خستبوو لەجیاتی هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی ئەو پەتایە دەهاتن پێگەی سیاسییو ئیداری خۆیان لەسەر قایمترو توندتر دەکرد . داخەکەم تەکەتول خوازەکان باوەش‌و دەستیان بۆ دۆستەکانیان هێندە گەرم و بۆ ئەوانی تریش سارد و سڕ دەڵێت ئاگرو بەنزینیش بەیەکەوە ، ئەمیان لە دیوەخان‌و بازاڕی ئەویاندا دانووی ناکوڵێت‌و ئەگەر خوێندەوارو خاوەن بڕوانامە و شارەزاییەکی باشیش بێت ئەگەر ژیانی خۆی بۆ حزب‌و کوردایەتی‌و عیلم‌و مەعریفەش سەرفکردبێت مادامەکێ لە دونیای ئەواندا نزیکنیت‌و کە پسوولەکەی ئەوانت قوتنەداوە ئیدی ئەو خەبات‌و زانستەت یەك فلسی سووتا ناهێنێت . یان دەبینین فلان وەزیر یان فیسار بەرپرس بەوا دەزاندرێت کە کوتلەکەی ئەو رێگای شێرانە و بەختی وەك بەفری زستان سپییە ئەو کاتەی کە دەستی لە گیرفانی راکرت دەزانین ، چونکە گیرفانی ئەو لە هی ئەم پڕ پارە ترە ، و لە بەرئەوە ئەمیان لە کوتلەی دەوڵەمەندانە و ئەمیشیان کەمۆکەك هەژارترن . سەیرەکەش لەوەدایە کۆبوونەوەکانیشیان بەنێوەچڵی ئەنجامدەدەن‌و پۆست‌و پۆستە کانیش وەك دیاریەك بەسەر یەکتردا دابەشیاندەکەن .

دەتوانم بڵێم یەکێتیی زۆر ئازایانە تەوقی دەسەلاّت و بڕیاری ناوەندی کەسێکی دیاریکراوی لەناوەخۆیدا شکاند ، بەلاّم بەداخەوە لەبەرامبەر ئەوەدا چەندان وردە دەسەلاّتی لۆکاڵی بەرهەم هێنا ، کە لە ئەنجامدا نەك هەر نەیانتوانی بەهای جوان لە ناو یەکێتیدا بخولقێنن بەڵکو بە پێچەوانەوە هاتن تەواوی ئەو چەمکانەیان بێ ماناکردوو لە شوێنی راستی‌و جوانیەکان گەندەڵی‌و ناوچەخوازی‌و شەخس پەرستییان بۆ یەکێتیی هێنایە بوون .

لە کاتێکدا ئەو فەرهەنگەش گەشە دەکات لەناو یەکێتیی کە بوار بۆ خۆنوێکردنەوە لەبەردەم یەکێتیی لە کزبووندایەو گەر فریای خۆشی نەکەوێت رێك وەك ئەو کەشتیوانەی لێدێ هەتا کەشتیەکەی دروستکرد ئیدی دەریا وشك بوو !! یەکێتیش گەر ئاوڕێك لە پێویستی ئەو گۆڕانکاریانە نەداتەوە کە دونیای تازە لەگەڵ خۆیاندا دەیانهێنێت ، بێگومان زیانێکی گەورە بەخۆی‌و کۆمەڵگاش دەگەیەنێت . رەنگە یەکێتیی وا هەست بکات دەسەلاّتدارە و خاوەن بڕیارە و چەندان پۆستی ئیداری‌و سیاسیی گرنگی هەیە ، ئەی ئەوانەنین ئێستا کە یەکێتییان بەرزکردۆتەوە ؟! منیش پێم وایە ئەوانە راستن بەلاّم ناشکرێ ئەوەش لەیادبکەین کە یەکێتیی لە حاڵی حازردا چ وەك حزب چ وەك حکومەت‌و ئیدارە لەنێو دونیایەك قەیران‌و ئاریشەی سیاسیی‌و ئابووری‌و کلتوری‌و فیکریدایە کە نازانێت چۆن لەو گێروگرفتە ئاڵۆزانە دەربازیبێت ، ئەو تەنگژانەش بەقەت ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتیی بەرپرسن لێیەوە دوو ئەوەندەش ئەندام‌و کادیرانی لێیەوە بەرپرسیارن . بۆیە دەربازبوون لەوها قەیرانێکدا سەرەتا خۆگۆڕینێکی جەزری‌و رادیکاڵیانەی دەوێت تا شەقاوێك لەو وەزعە دژوارەی خۆی دەربچێت ، هەنگاوەکانیش دەبێت لۆژیکی ریفۆرم‌و چاکسازی نەزیهانە نەخشەی بۆ بکێشێت کە چاوەڕێی دەکرێت ئەو خۆ بەرەو پێشبردنە لەلایەن یەکێتیەوە دواجار دەستکەوتی گەورەی نوێخوازیانە و مەدەنیانە و دیموکراسیانە و شارستانیانەی زۆر گەورەی لەدواوەی خۆیدا جێبەهێڵێت .

شتێکی سەیر نییە ئەمڕۆ یەکێتیی لەنێو ئەو هەموو کوتلەیە دۆشداماوە ، مەڵبەندی وا هەیە بێ ئەژمار ئەندام مەڵبەند و کارگێڕو بەرپرسی جۆراوجۆری هەیە ، زۆربەیان لە ئەنجامی ئەو تەکەتولایەتیەوە پاروی کەوتۆتە ناو رونی‌و موچەیی پۆستەکەیی‌و پیاو ماقولانەیەك‌و نیوە راتبێکی لە پاشماوەی نەسریەکەی سەرەمانگان دەخاتە گیرفانی .

داخەکەم لە کۆیی "150" ئەندام مەڵبەندیانەوە رەنگە چارەگێکیان تەعاروفیان لەگەڵ یەکتر هەبێت‌و باقیەکەی دیکەشیان لەناو مەڵبەندەکانەوە مۆڕە لێکدەکەن‌و وا دەزانن هاتوون نانی ئەو یان ئەم دەبڕێت ؟! کاکە ناهەقی ئەوانیش ناگرم ئەگەر کۆبوونەوەیەك نەکەن‌و گفتوگۆو راگۆڕینەوە و موجامەلەی یەکتر نەکەن ئاخۆ چۆن برادەرایەتی و نزیکی دروست دەبێت . پێتان سەیر نەبێت ئەندام مەڵبەندەکەی خۆی بە باشی پێلە بەر نەکراوە . ناهەقی نییە چۆن لە بەری بکات خۆ ئە برا کوردە بۆ ئەوە نەبۆتە بەرپرس تا کار ئاسانی بکات ، بەڵکو وەك قسەو قسولۆکەکانی خۆیان وتەنی تەنها بۆ موچەکە و ئەو شێوە ژیانە بووینەتە ئەندام .

لەپاشان تەکەتول هەڵگری هەر ناوێکی سیاسیانە بێت بەس هێشتا ئەو بەها ئەخلاقیو جوامێریە نابەخشێت کە حزبایەتی لە ئەندامانی خۆی داوای دەکات . بۆیە وشەی تەکەتول خۆی لەخۆیدا بۆ کاڵکردنەوەی رەنگی سەنتەرە و لێسەندنەوەی ئەو میسداقیەتەیە لە مەرکەزیەتی بڕیار بەرە و بڕیارو بیرکردنەوەی تاکەکەسی .

ئەم جۆرە جەدەلەش لەنێو حزبدا نەك هەر پێکهاتەی حزب دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەپێچەوانەی ئەوەوەش لای خەڵك و ئەندامانیش بەشێوەیەك گومان دروستدەکات کە بگاتە ئاستی بەدگومانی لە سەرکردایەتیو کەسانی سەروی ئەوانیشە !!
چونکە ژیان لەنێو تەکەتول بازیدا ژیانێکی نا تەندروست و فێڵ لەخۆکەرانەیە لەبەردەم حزبدا ، هەر بۆیەشە حزب ئەو کاتە میسداقیەتی هاوسەنگەکەی دەدۆڕێنێت کە تەکەتول پەرە بسێنێت و بێتەکایەوە . رەنگە تا ئێستاکەش بەرپرسی وامان هەیە پێی وابێت کە کوتلە و کوتلەبازی مۆدێلێکی دیکەی حزبابەتیکردنە لە دونیای تازەدا ، بەبێ ئەوەی ئەو بەرپرسە بیر لەوە بکاتەوە کە فرە بڕیاری و فرەیی لە ئاماژەکردنی راستەوخۆی تاك لا یانانەدا سەخترین قۆناغی حزبە لەبەردەم گۆڕان و پێشکەوتندا . بارودۆخی ئێستاکەی یەکێتیش باشترین بەڵگەی ئاشکرای ئەو پاشەکشێکردنانەیە لە دونیای تازە و جەوهەری گۆڕانگاریەکاندا ، کە بەلای منەوە تەواوی ئەو پاشەکشێکردنانە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فۆڕمە نامۆیانەی ناو حزب کە پێی دەڵێن تەکەتول ، چونکە وەك باسمانکرد تەکەتول بوار بۆ کەسانی لێزان و لێهات و کارامە نارەخسێنێت بێتە گۆڕەپانەکە و بە ئازادانە کارەکانی خۆی بکات ، بەڵکو لەجیاتی کردنەوەی دەرگا بەڕوویدا کوتلەکان دێن پەراوێزی دەکەن و بەمشتە کۆڵەیەکیش لە دەمی دەدەن و پێیدەڵێن هەڤاڵی ئازیز بۆ ئەوەی ژیانت مسۆگەر بێتو لەناو عیلم و مەعریفەدا بتوێتەوە و داهێنانەکانت بەهێزترو بەرفراوانتر بێت یەکێك لە ئێمە هەڵبژێرە ئەگەر خاوەن شکۆش ئیختیار بکەیت ئەوە سەد لەسەد خۆت و ماڵ و منداڵ و بنەماڵەکەشت ژیانیان لە ژێر رەحمەتی دەسەڵات و گیرفانیاندا مسۆگەرە ..!!؟
ئەو نموونە نیگەتیڤانەن کە کادیر تێك دەشکێنێت و رووحی هەزاران رۆشنبیریش دەخاتە نێو دۆزەخەوە ، دۆزەخێك کە بوار بۆ قسەکردن و رەخنەگرتن نەك هەر نامێنێت بەڵکوو ئەوکاتە بۆ شت نییە رەخنەبگریت چونکە جەنابتان لەنێو ئەو کوتلانەوە سەرتان دەرنەکردووە و بێ ساحێبن و مەڕن و مێگەلانە لاتان داوە و گورگیش هەقی خۆیەتی بتانکاتە پاروەکی چەوری خۆی
گەر لەنێو ئەو واقیعە تاڵەدا یەکێتیی بخوێنینەوە و سەیری حاڵی ئێستاکەی بکەین بەراستی زۆر شتمان بۆ دەردەکەوێت کە یەکێتیی لە دەستی داوە و زیانی گەورە گەورەی‌بە دەستی ئەو کوتلانەوە بۆ خۆی خولقاندووە ، دیارە زیانەکانیش بە بۆچوونی من گەیشتۆتە ئاستێکی بەرزتر لەوەی بیریانلێدەکەینەوە . بۆیە خۆ گۆڕینی یەکێتیی لەو قۆناغەدا و دەربازبوونی لەنێو کوتلە و کوتلەکاریدا نزیکبوونەوەیەتی لە عالەمی سەردەم و خۆ خزاندنەوەیەتی بۆ دونیای کراوە و مەدەنیەت ، چونکە نابێت ئەوە لەیاد بکەین کە یەکێتیی تەنها بە لۆژیکی مەرکەزیەت و فیکرو بۆچوونی کراوە و تازە توانای ئەوەی هەیە دەربازیببێت لەو قەیرانانە نەك تەکەتول بازی دەربازکردنیش لەو ئاریشە مەترسیدارانە بەردەوامییە بە تەواوی ئەو ئازادی و ژیانی دیموکراسیو مەدەنیانەیە کە ئێستاکە لە وڵاتانی پێشکەوتوەکان لە ئارادایە ، بە پێچەوانەی ئەوەوەش بوونی تەکەتول دواجار پاشەکشێکردن و گەڕاندنەوەیە بۆ کۆنترین شێوە و شێوازی حزبایەتی لەنێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا ....

# حزب وەك پرۆژە
# حزب وەك بازرگانیکردن

راستە لە رۆژهەڵات و بەتایبەتی لە کوردستان حزب و حزبایەتی کردن ئەو بەها و میسداقیەتە تەندروست و روە جوانانەیان نییە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو وئەوروپایەکان بونیان هەیە . بەڵام ناشکرێت رۆژهەڵات بەبەردەوامی حزب و کەسانی

دیکتاتۆرو نائاسایی بەرهەم بهێنێت " هیگڵ پێی وایە رۆژهەڵاتیەکان قەد ناتوانن دیموکراسیەتی راستەقینە بەرهەم بهێنن " تا حەدێك منیش نزیکم لەو باوەڕەی هیگڵەوە کە ئێمەی رۆژهەڵاتی چونکە خۆمان و بیرکردنەوەکانمان ئازادنین بۆیە هەر ئاکار و رەوشت و دەرهاویشتەیەك بێتە ئاراوە ئەوە لە نەتیجەی پاشماوەکانی دیموکراسیەتەوە هاتووتە بوون , نەوك خۆمان بەدستی خۆمان ئەو واقیعەمان سازکردبێت . باشترین نموونە حزبەکانی خۆمانن کە دەبینین حزب لە کۆمەلگای ئێمەدا نەك هەر پرۆژەی نییە وخاوەن بەرنامەیەکی ستراتیژی دیاریکراوی خۆی نییە ، بەڵکو لە هەمبەر ئەوەشدا حزب دەکاتە قورساییەکی ئەو تۆ کە لەشێوەی باندێکیی مافیا و بازرگانیکردن خۆی نمایش بکات . بۆ نموونە حزبی وا هەیە تیجارەت بە شارەوە دەکەن و بە فەخرەوە دەڵێن نیوەی ئەو شارە هی ئێمە یەو زۆربە یانمان کڕیوە ! ئەو نموونە نیگەتیڤانە لەنێو پانتایی حزبی کوردیدا زۆرە , تا ئێستاکەش حزب لای ئێمە وەسیلەیە نەك بۆ داڕشتنی ستراتیژیەتی ئابووری و سیاسیی و کلتووری وڵات بەڵکو بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و قایمکردنی پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیانە لەنێو حزب و کۆمەلگادا .
ئەگەر بەراستی ئێمە نموونەیەکی زیندوو و پوزەتیڤی حزببین لە ناوچەکەدا با بەرپرسەکانمان بێن سەرمایەی خۆیان لەپێش راپەڕین و ئێستاکەدا بەراوردبکەن , دیارە سەرمایە مەبەستم لە زەوی و کۆمپانیا و پرۆژەی بازرگانی دیکە و پارەی وشکەی ناوخۆ و دەرەوەیانە !! بابزانین سەرمایەی هەر یەکێك لەو بەرپرسانە ئاخۆ دواجار ژیانی چەند ئینسانی داماوی ئەو نیشتیمانە چارەسەردەکات . ئێستا لەوە گەیشتوم بۆ بەرپرسەکانمان واز لە پۆستی ئیداری و حزبی ناهێنن , ئەگەر حەیاشیان بچێت واز ناهێنن . وەزیرو بەرپرسی وا هەیە بەقەد تەمەنی خۆی گلەیی بەسەرەوەیە و لە ناو گەندەڵیات غەرق بووە بەڵام تەقەی سەری دێ و نە بایدیبێ و نە باران وەزارەتەکەی خۆی بە رێکوپێکی بە رێوەدەبات ؟! یان فلان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یان سەرکردایەتی یاخود لە وانخوارتریش بڵێین ئەگەر ناوی نەك لەناو خەڵکی بەڵکو بە وێنەکەشیەوە راگەیاندنی ناوەخۆ و میدیای جیهانیشی لەسەر مەشغوڵ ببێت هێشتا ئەو برا کوردە واز لە پۆستەکەی ناهێنێت .
ئێستا زانیم بۆ ئەو هایە و کورسی بەرپرسەکانمان ژێرەوە یان بۆ هێندە قاییمە ، ئەوە پارە و مەنسەبە وا دەکات میسداقیەت و ئەخلاق نەمینێت لە بەرێوەبردنی وڵات و کۆمەلگادا . بڕوام پێبکەن لە دوای پرۆسەی داگیرکردنی عێراق و لە ناوبردنی بەعسی فاشیستدا بەرپرسی وا هەبوە لە بەغدا تا ئەو کاتەی سەرۆك حزبەکەی ئاگاداری نەکردۆتەوە کە هەر لە بەر گیانی خۆی واز لە تاڵان کردن و تیجارەت بێنێت ، ئەو ئەوەندە سەرقاڵ بووە بەو کۆکردنەوەیە کاتێکیش راگەیاندن لێیان پرسیوە وەزعی بەغدا چۆنە وتویەتی وڵا کاکە چ عەیبی نییە ئەی ئەوەنییە من و هاورێکانمان لێرەین ؟!!
ئەرێ ئەگەر ئەو حزبی نە بێت و بەرپرس نەبێت ئاخۆ دەتوانێت ئەو پارە زۆرە بەنا مەشروعی بەدەست بێنێت , بۆ بەچاوی خۆمان نەمان بینی بەردەرگای حزبەکان و بارەگاکانیان چ حەشاماتێك بووە !! ئەی ئەگەر ئەوە سێبەری حزب نەبێت کەس دەوێرێتماڵی خەڵك و دەوڵەت بە تاڵان ببات ؟! زانیم کە ئەو هەڤاڵە هێندە جوامێر نییە کچی خۆی بەقوربانی کوڕی خەڵکی بکات تا گیرفان و خەزێنەکانی خۆی هەبێت باوەشی منداڵێکی هەژاری ئەو نیشتیمانە چۆن گەرم دەکات .
داخەکەم لە وڵاتی ئێمەدا حزب بەو شێوەیە مامەڵە لە گەڵ واقیعی خۆیدا دەکات , مامەڵەیەك هێندە لە فۆرمێکی بازرگانیکردنەوە دەچێت هێندە ناچێتە خانەی خزمەتکردنەوە .
دیارە هەر ئەو وێنانەشە دواجار دەمانترسێنێت لەوەی چیتر قەناعەت بەو شێوە مامەڵە نا تەندروستانەی حزبەکانەوە نەکەین کە مەرامی خزمتکردن و یارمەتیدانی خەڵکیان هەبێت , چونکە لەلای ئێمەدا حزب بارەگایەکی مۆنۆپۆڵی و ئیحتیکاریە تەواوی دەست کەوت و سەروەت و سامانی وڵات لە دەستی ئەو دایە و هیچ کڕین و فرۆشتنێکیش گەر بەشی ئەوی تێدانەبێت رەزامەندی لەسەر نادات , ئەگەر وانییە ئەی حزب بۆ ئەوەندە دەوڵەمەند بووە و بەر پرسەکانیشی بۆ ئێستا بە شێوەی تاجیر دەردەکەون . بە ئاگا هاتنەوەی یەکێتیش لەو واقیعە دژوارەی حزب گەڕاندنەوەی حزبە بۆ نێو جەماوەرو خزمەتکردنیەتی لەرێگای پرۆژەی دیموکراسی و پرۆسیسی مەدەنیەتەوە بۆ کۆمەلگایەکی کراوە و ئاییندەیەکی گەشاوەتر .


www.dengekan.com
3/25/2006

# یەکێتیی و گەندەڵی

پرۆسەی گەندەڵی وەك کارکتەرێکی فاشیلی نێو دەوڵەتی دەمێکە خۆی خزاندۆتە نیشتیمانی ئێمە و هاودارانیشی لێرەدا بە گوڵ و ڕێحان لە پێشوازیدان بۆی . گەندەڵی هاتوو هەر بەوە نەوەستا لە سنووری گومرککردنەوە راوەستێت و ئیدی گیرفانەکانی پڕبێت و بلێت ئۆخەی زەنگین بووم و ئیدی با واز بێنم , بەوەش نەوەستا بەمیزاجی خۆیان هاتن بازاڕی رەشیان گەرم و گوڕترکرد , تا هات و لەبەردەم هەمو شارێك و هەمو ماڵێکدا ئەو پەتایەی چاندو و ئیتر گەشەیکرد و ئێستاکەش ڤایروسی گەندەڵی لە لەشی هەمووماندایە . نەخۆشیەکە دەگوازرێتەوە و جگە لە مندالٚ پاکیەتی لە مرۆڤایەتی سەندۆتەوە . یەکێتییش بە حوکمی دەسەڵاتەکەیەوە بەشێکی لەو گەندەڵیە بەرکەوتوە , لێرەدا من نامەوێت باس لەو هەموو بەرپرس و سوارچاکانەی ناو حزب و حکومەت بکەم کە لە سنووری ئیدارەی یەکێتیی دەوڵەمەند بووینە و بە کەسانێکی گەندەڵکار ناویان زڕاوە , ناشمەوێت بە قسەی گەورە و گوتاری قەبەوە مەزنی ئەو ڤایرۆسەتان بۆ باس بکەم , ئەوەی من مەبەستمە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە یەکێتیی بۆ هەوڵی چاکسازی نەداوە بۆ بنبڕکردنی ئەو پەتایە . لە کاتێکد خۆی پێش چەند ساڵێك پرۆسەی ریفۆرمی لەنێو دامو دەزگاکانی حزبی و حکومی راگەیاندبوو بەڵام ئێستا دەبیینین نەك هەر پێشی لێنەگیراوە بەڵکو لە جاران خەراپتربووە و کەسیش ئامادەنییە ئەو چاکسازییە لە خۆیەوە دەست پێبکات , چونکە چاکسازی کردن لە زاتی خۆتدا وا لە کەسی بەرامبەردەکات بەخۆیدا بچێتەوە و ئەمیش خۆی چاك بکات , بە پێچەوانەوەش ئەگەر ئەوانەی سەرەوە چاك نەبن ئەوە ئەوانەی خوارەوەش نەك هەر چاك نابن بەڵکو خراپتردەبن و زیاتر پێدادگرن لەسەر ئەو گەندەڵیە . بۆیە دەڵێین دەبێت لە خۆمانەوە دەست پێبکەین دیارە مەبستیشمان لە خۆمانەوە ئەوەیە کە خەڵکی پێیان وایە ئەو پێشمەرگە و خۆ بەختکارانەن کەوا گەندەڵییدەکەن . بۆ ئەوەی ئێوەی پێشمەرگە و جوامێر ناوتان لە ناو ئەو گەندەڵکارانەدا دەربچێت پێویستە لە خۆتانەوە دەستپێبکەن و سەر ڕاستانە وێنەی جوامێری و پێشمەرگایەتی و دڵسۆزی خۆتان بۆ حکومەت و خەڵك دووپات بکەنەوە .

بە راستی پێم سەیرە ئەو کەسەی قوربانییدابێت و تێکۆشابێت و هەزاران ئازارو چەرمەسەری چێشتبێت ئەمڕۆ چاوی لە مەنسەب و پارە و کۆکردنەوەی سامان بێت , ئەگەر مرۆڤێك بە مانای وشە نیشتیمان پەروەرو مرۆڤ دۆست بێت چۆن گەندەڵی لە نێو کۆمەڵگادا سازدەکات و پەرەپێدەدات . بۆیە دەڵێم با لەخۆمان دەست پێبکەین و ویژدانی خۆمان ئاسودەبکەین , با ئەوانیدیکەش چاومان لێبکەن و لە ئاییندەشدا خۆمان و کۆمەڵگاش بە شێوەیەکی تەندروستانە ببەین بە رێوە . گەر واش نەکەین بێگومان زیانێکی گەورە بە خۆمان و کۆمەڵگاش دەگەیێنین .

ئەمڕۆکە دەرفەت زۆر لەبارە بۆ چاکسازی و ریفۆرم خوازی لە نێو کایەکانی سیاسیی و ئابووری و ئیداری و کلتووری لە نێو وڵاتدا . چونکە یەکێتیی دەبێت زیاتر لە هەموو گروپ و لایەنەکانی دیکە پەرۆشتربێت بۆ ئەو گۆڕانە و چاکسازی کردنانە . هەم لە بەر ئەوەی یەکێتیی حزبێکی سۆسیال دیموکراتە و هەم لەبەر ئەوەی باوەڕی بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە و حزبێکی جەماوەری و شۆڕشگێرە . گۆڕینی ئەو واقیعەش بەدەستی ئەو دواجار نمایشکردنەوەی حکومەت و پێکهاتەی یەکێتیە بە شێوە مۆدێرنەکەیەوە , بە پێچەوانەی ئەوەش ئاکامەکەی دیارە کە چۆن وڵات دەبێتە گەندەڵستان . دەربازبوونیش لەو واقیعە تاڵە وا پێویست دەکات یەکێتیی زیاد لە میکانزمێك بگرێتە بەر بۆ خۆ رزگارکردنی لە وجودی گەندەڵی چ لە ناو حزب و چ لە ناو حکومەتدا .....